www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:53 8-2-2007

## تقديس و بەپیرۆز زانین بەرهەمی عەقلی مرۆڤەکانە نەک دەق وتێکستی ئایینی ... مەلا تەحسین شێخانی

گەر چاوێگ بە زۆرێك لە ڕۆژنامە وگۆڤارەکانی خۆمان بگێرین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت زۆرێك لەوانەی کە قسە لەبارەی ئیسلامەوە دەکەن ئاگادارێکی ئەوتۆیان نیە بەئایینەکەیان، یەکی لەو خاڵانەی لەم دواییانە بەتایبەت زۆر قسەی لەسەر دەکرێت مەسەلەی قەداسەت وبەپیرۆز کردنە بەوەی دەیانەوی وا لەخوێنەر بگەیەنن کە ئایین وپەروەردەی ئایینی بۆتە هۆی ئەوەی حاڵەت ودیاردەی باوکسالاری وئافرەت بەکەم سەیرکردن ونەخوێندنەوەی ئەوەی تر لەئیسلام وسەرچاوەکانی سەری هەڵداون چونکە ئیسلام داوا دەکات ڕێز لەخۆمان گەورەتر بگریین وپیاوانی ئایینی وچاکەخوازانمان خۆش بوێت وبقەیە لەقسە دەرچوونیان، بەر لەهەموو شتێك پێمواپە زۆرێك لەوانەی لەم بابەتەوە ئەنوسن مەبەستێکی دیاریان هەیە ئەمیش تێکدان ودوور خستنەوەی پیرۆزیەکانە لەهەموو شتێك تەنانەت لەخۆشیان، وە ئەیانەوی لەرێگای لە کەدارکردنی هەڵگرانی ئەم ئایینە دژایەتی ئاینەکەش بکەن، وەلی هەر کەسی شارەزاییەکی کەمیشی هەبێت لەئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆی دەردەکەوێت ئەم ئایینە کار بۆ بنیاتنان وپیرۆزکردنی کەسێك یا خێك یا عەشیرەت یا ڕەچەلەکێك ناکات بەڵکو گەورەی وپیرۆزی تەنها بۆ خوای گەورە وناوە پیرۆزەکان وئایەت و پەرتووکەکانە، مرۆڤەکانیش پیرۆزی وگەورەییان لەوە سەرچاوە دەگرێت کە شوێن کەوتووی بەرنامەی خوابن وزوڵم وستەم خراپە لەگەڵ خەڵك نەکەن وکاریان خزمەت کردنی مرۆڤایەتی بێت، لەهەمانکاتدا ئیسلام داوای لە هۆگران وشوێنکەوتوانی زانایان وپیاو چاکانیش کردوە کە زێدە ڕەوی نەکەن لە ڕێزو حورمەت وقەدر گرتن لەکەسێك یا مەزهەبێك، دەکری بڵێین زۆر جا زەمەن وشوێن وبارودۆخ هۆکار بوون بۆ دروست بوونی حاڵەتێك کە ڕێزگرتن وئەم پیرۆزیە سەری کێشاوە بۆ زوڵم وخراپە تەنانەت خشمی خوای گەورەش ئەوتا خوای کاربەجی گازندە ئەکات لە جولەکەو گاورەکان دەکات چونکە زێدە ڕەویان کردوە لەهەمبەر پێغەمبەرانیان (سلاوی خوایان لەسەر بێت) ( وَقَالَتِ الْيَهُودُ عُزَيْرٌ ابْنُ اللهِ وَقَالَتْ النَّصَارَى الْمَسِيحُ ابْنُ اللهِ ذَلِكَ قَوْلُهُم بِأَفْوَاهِهِمْ يُضَاهِؤُونَ قَوْلَ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَبْلُ قَاتَلَهُمُ اللهُ أَنَّى يُؤْفَكُونَ ) (30) سوره التوبه. سەروەرمان موحەمەد ئاگاداری کردوینەتەوە کە ئێمەش بەهەمان حاڵەت گەورەیی وپیرۆزی ئەو وەك بەنی ئیسرائیلی مامەلەی لەگەڵ نەکرێت سەروەرمان دەفەرموێت (لاتطرونی کما أطرت النصاری عیسی أبن مریم فإنما أنا عبدالله فقولوا عبدالله ورسوله أوکما قال) (أحیاء علوم الدین –الغزالی ج1143چونکە ئەمیش وەك تەواوی مرۆڤەکانە تەنها ئەوە نەبێت خوای گەورە بەرێزی کردوە بەوەی بۆتەپێیامبەری پەیامەکەی، خوای گەورە دەفەرموێت ( قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَى إِلَيَّ أَنَّمَا إِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ ) واتە: (110) سوره الکهف. لەهەمانکاتدا ئەبی ئەوەش بزانین کە کاتی ئیسلام داوا دەکات بۆ نموونە ڕیز لەباوك ودایك بگرین وگوی ڕایەڵیان بکەین پێشمان دەڵی گەر ئەمان لەفەرمانی خوا دەرچوون ومافەکانیان پێشێل کرد ناکری فەرمانیان جی بەجی بکرێت بەلام گەر باوك یا هەرکەسێکی تر موسوڵمان یا نە ئەبی مامەڵەی شیاوو جوانی لەگەڵ بکرێت، خوای گەورە دەفەرموێت: (وَوَصَّيْنَا الْإِنسَانَ بِوَالِدَيْهِ حَمَلَتْهُ أُمُّهُ وَهْنًا عَلَى وَهْنٍ وَفِصَالُهُ فِي عَامَيْنِ أَنِ اشْكُرْ لِي وَلِوَالِدَيْكَ إِلَيَّ الْمَصِيرُ، وَإِن جَاهَدَاكَ عَلى أَن تُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا وَصَاحِبْهُمَا فِي الدُّنْيَا مَعْرُوفًا وَاتَّبِعْ سَبِيلَ مَنْ أَنَابَ إِلَيَّ ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ) (14) (15) سوره لقمان، کەواتە پیرۆزی وبەرێزی ناکری لەئەندازەی خۆی دەرچێت جا کەسەکە لەهەر پلەو پایەك بێت، ئەوەی کە زۆر جار هەستیشی پێدەکرێت لەهەندی کەسەوە لەوەی زێدەڕەوی دەکەن، یاخوود کەسە ڕێز لێگیراوەکە چ بەهۆی ساویلکەی خەڵکەوە بێت یا فشۆڵی ولێزانی خۆی، بەرهەمی بیرو تێڕوانین وسۆزداری خەڵکە کە زۆر جار سەر دەکێشێتە زوڵم وپێشێل کردنی مافی کەسێك، نەك ئایین خۆی بەڵکو ئیسلام پێمان دەڵی (انا ننزل الناس منازلهم)

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.